شێواندنی

ڕووی

هونەر

معتصم عبدالجبار سالەیی

هونەر شتێکی پیرۆزەو کارێکی مرۆڤایەتیەو هەردەم بۆ پێشخستنی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە خزمەتکردندا بووە . هەر لە سەردەمی بەردو بەرەبەیانی ژیانی مرۆڤەوە تاکو ئەمرۆی ئێستامان ، هونەر هویەك بووە بۆ سەرکەوتن بەسەر هەڵچوونو داچوونو زەبروزەنگی دیاردەکانی سروشت . هەمیشە مرۆڤ بەهۆی هونەرەوە شارەزای ی پەیدا کردووەو توانیویەتی دەرك بە نەهێنیەکانی دەوروپشتیو سروشت بکاتو بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە بۆ خۆش گوزاریو پێش خستنی ژیانی رۆژانەی . ئەو مرۆڤەی کە بۆ یەکەم جار توانی چەقۆو پاچو پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی لەبەردا بتاشێت هونەرمەند بووە . . لەم سەردەمەی ئیمەیشدا هونەری راستەقینە دەستەوەسان دانەنیشتووە روو بە رووی هەرەشەو گورەشە ناپاکە نامرۆڤایەتیەکان . بەڵکو هونەرمەندە دڵسۆزە خاوەن ویژدانو بە ئاگاکان قەڵەمو فڵچەو ئامرازە هونەریە جۆر بەجۆرەکانی کەیان خستۆتە کار بەرامبەر بەرهەموو دیاردەو کارێکی ناپەسەند . بەڵام شتێکی زۆر جەرگ برو ناقۆڵایە کە لە وڵاتە سەرمایەدارە رۆژئاواییەکاندا . لەلایەن هەندێ هونەرمەندو لایەنی دیاریکراوەوە هونەرو ئەرکی راستەقینەی هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە دەشێوێنرێن .

گەر بێینە سەر باسی هونەری سینەما . کە هونەرێکی خاوەن وزەو توانایەکی زۆرە گەر بەباشی بخرێتەکار لە پێناوی ئاگاداریو رۆشنبیرکردنی بینەراندا . بەڵام دەبینین لە وڵاتە سەرمایەدارەکان بەرادەیەکی ناپەسند . بەڵکو زۆر جار وەکو ئامرازێکی رووخێنەرەو دەخرێتەکار بۆ شێواندنی هەستو بیرو ئاکاری باشو پیشاندانی .

وەك دەزانین شانۆ هەردەم هۆیەك بووە بۆ خستنەرووی دیاردەکانی نێو کۆمەڵ . بەهەموو رویەکانیەوە چی بەباشی دروست بێ یا بەنارێکیو نالەباربێ . بەڵام ئێستا لە وڵاتە سەرمایەدارەکان شانۆ دەخرێتەکار بۆ شێواندنی ئەو پەیوەندیە پیرۆزە مرۆڤایەتیانەی کە دەبێو پێویستە خۆی بسەپێنێت بەسەر کۆمەڵدا . ئەمەیش بە زەقی خۆی دەنوێنێت لەو رێبازە (عبث)یەی کە لەم چەرخەماندا لە وڵاتە رۆژئاواییەکان سەری هەلداوە .

بە تێکرا دەتوانین بڵێین هیچ بەشێك لە بەشەکانی هونەر رزگاریان نەبووە لەو هەوڵدانانە بۆ شێواندنی رووی راستەقینەیان . ئەکرێ هونەر وەك هەموو شتێکی کە لە ووڵاتە سەرمایەدارەکان دەکەوێتە ژێر رکێفی خستنەروو و داخوازیو (عرض والطلب) دەسەلاتی قازانجو زیان . .

دەبینین بەهەزارەها هونەرمەند هەن نانیان نابێ بە ئاو . لە هەمان کاتیشدا هونەرمەندی وا هەن (هەر چەندە هەندێکیشیان خاوەن بەهرەی زۆرو هەڵویستی مرۆڤایەتی باشیش» خاوەن ملیۆنەها پارەو پولن . بابێینە سەرباسی هونەری تەشکیلی کە مەبەستی سەرەکیی باسەکەمانە . «پابلۆ پێکاسۆ» لە دوای شەری جیهانیی دووهەم ڤیەللایەکی (کۆشكو تەلار» لە خوارووی فەرەنسە بەیەك تابلۆی لە جۆری ژیانی کپ (ستیل لایف) کری . کاتێکیش کە مرد ملیارێكو دوو سەدو پەنجاو یەك ملیۆنو شەش سەدو هەفتاو سێ هەزارو دووسەد فرەنگی لە دوای خۆی بەجێهێشت . بێگومان ئەم هەموو پارەو بولەیش لەرێی هونەرەکەیەوە بە دەستی هێنابوو . پێکاسۆ وای لێهاتبوو لەگەل (میداس)دا بەراورد دەکرا . چیرۆکی ئەفسانەیی میداس لەگەل ژیانی پێکاسۆدا زۆر نزیکن .

(میداس) دەستی بدابایە هەر شتێکەوە یەکسەر دەبوو بەزێڕ ، بەڵام ئەو جیاوازیەی کە لەنێوان میداس‌و پێکاسۆدا هەیە ، ئەوەیە کە میداس خەریك بوو لە برساندا بمرێت لەبەر لێ‌نەخواردنی ، لەبەر ئەوەی دەستی بەهەر خواردنێك بگەیشتایە زوو بەزووی دەبوو بەزێڕ . پێکاسۆش دەستی بەهەر شتێك بکەوتایە یاخود هەر خەتێکی بکێشایە لەزێڕ گەلیك بەنرختر دەبوو . رۆژێکیان برادەرێکی پێکاسۆ پارچە کاغەزێك دەردەکات‌و بە پێکاسۆ دەڵێت وێنەی سێ گۆشەیەکم بۆ بکێشە . دوای تەواوبوونی داوای لێ‌دەکات ناوی خۆی لەسەر وێنەکە بنەخشێنێت . پێکاسۆش پێ‌ی دەڵێ : هەر یەکجاری بۆ داوای پارەم لێ‌ناکەیت ؟ ! جارێکی کەش برادەرێکی پێکاسۆ داوای دەس‌گرتن‌و پارەی لێ‌دەکات پێکاسۆش پێ‌ی دەڵێت : برۆ لەناو تەنەکە زبڵەکەم بگەڕێ‌و کاغەزی وێنە لەسەر نەخشکراوی فڕێ‌دراوم بدۆزەرەوەو بیفرۆشە .

راستە هونەر وێنەی سروشت‌و گواستنەوەی دەوروبەر نیە ، بەشێوەیەکی راستەوخۆو فۆتۆگرافی ، دەبینین بە درێژایی مێژوو ، هونەری تەشکیلی خۆی لەشێوەی فۆتۆگراف دوور خستۆتەوە ، هەر لەسەردەمی بەردەوە بەهەموو ئەو وێنەی گیانلەبەرانەی نێو ئەشکەوتەکانەوە تا دەگاتە هونەری میسری کۆن‌و ئاشوری‌و بابلی‌و سۆمەری ، وە تا دەگاتە ئەمڕۆمان . بەڵام ئەم لادانە لە دەوروبەرو سروشت لەم سەردەمەی ئێمەدا لە وڵاتە رۆژ ئاواییەکان زیاتر رووی ئەشێوێندرێ وەك ئەو باسەی کە لە چەرخی یەکەمی پێش‌زایین‌دا «پلینۆس‌و شیشرۆن» تۆماریان کردووە ، دەربارەی ئەو پێشەبڕکێیەی چەرخی پێنجەمی پێش زایین لەنێوان دوو هونەرمەندی هەرە بەرزی یۆنانی‌ی کۆن لە ئەثینا . کە گوایە (زگسیس)ی هونەرمەند وێنەی بۆڵە ترێیەك دەکێشێت ، بە شێوەیەکی وا ووردەکاری کردبووی کە چۆلەکە پێ‌ی هەڵخەڵەتاو دەستی‌کرد بە دەندوك کێشان بەسەر وێنەی تابلۆکەدا . ئەمەیش بووە جێ‌ی، واق‌وڕمانی خەڵکەکە . بە پەرۆشەوە هەموو چاوەڕوانی تابلۆکەی (باراشیۆس)ی هونەرمەندی دووهەمیان دەکرد کە بزانن چی روو بە روویان دەکات . بەڵام لەجێ‌ی خۆی نەبزووت ، کاتێك خەڵکەکە داوای ئەوەیان لێ‌کرد کە پەردە لەسەر رووی تابلۆکەی هەڵماڵێت . وەڵامی دانەوە کە هەرئەوە وێنەکەیە کە بە پەردەیان دادەنا . لە ئەنجامیشدا هونەرمەندی دووهەم کە توانی خەڵکەکە هەڵبخەڵەتێنێت ، بەسەر هونەرمەندی یەکەم‌دا سەرکەوت کە توانی تەنها باڵندە هەڵبخەڵەتێنێت . هەر وەك ئەم باسە دەس‌هەڵبەستە ئەندێشەیە ، لەناو بەشێکی زۆر لە هونەری رووتەڵەکی‌ی (تجريدي) ئەم سەردەمەماندا خۆی دەخاتە روو . بەشێکی زۆر لە هونەرمەندە رۆژئاواییەکان دوورن لە خواست‌و خەم‌و خەفەتی جەماوەر . هونەرمەند هەندێك خەتی بە گژ یەکتردا چوو دەکێشێت ، یاخود چەند کۆمەڵە رەنگێك دەنەخشێنێت بەو بیانووەی کە گوایە ناخی دەروونی مرۆڤ دەردەبڕێت !

لە هەمووی سەیرتر ئەو دزینەیە کە لە مۆزەخانەکاندا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەکرێت ، بە رادەیەك وای لێ‌هاتووە کە تاوان دزینی گەنجینە هونەریەکان پایەو پلە دوهەمی وەرگرتووە بۆشلەژاندنی پۆلیس‌و دادگا . لەدوای تاوانی حەشیشەو بەنگ کێشانەوەی . (باول بتریدس)ی تەمەن (٧٨) ساڵی‌ی بەرگ دروو لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە لە پاریس‌دا ناسراوبوو بە پەیوەندی‌ی لەگەڵ هونەرمەندەکاندا . ئەو سامانەی کە هەی بوو دەگەیشتە (٨٠) ملیۆن مارك . (بتریدس) گیراو بۆ ماوەی سێ ساڵ خرایە بەندیخانەوە دوای ئەوەی، دانی بەوە دانا کە (١٨) تابلۆی بەنرخی جیهانی‌ی بە پارەیەکی کەم کڕیبوو و دەستی کەوتبوو . لەو دزانەی کە بەزەبری چەك لە ماڵی یەکێك لە پیشەسازی‌دارەکان‌دا دزیبوونیان . وەدانی بەوەش دانا کە بە پارەیەکی زۆر فرۆشتبوونیانیەوە . لە کۆتایی مایسی ساڵی ١٩٧٩ دا «لازاری رۆژ

نبلات»ی بازرگان گیرا بە تاوانی گۆرینو دەسکەوتی نارەواو دەس‌بەسەرداگرتنی مرواری‌و تابلۆی هونەری کە نرخی ۲۵ ملیۆن مارك بوو . دەزگاکانی (ئەنترۆپۆل) دووپاتی دەکەنەوە کە ۵۳ هەزار پارچە هونەری دزراوەو لە بازارەکانی جیهاندا دەفرۆشرێن . . ئەمانەیش بە زۆری لە مۆزەخانەکانو ماڵە دەوڵەمەندەکانو کڵێسەکانو پیشانگا هونەریەکان دزراون . سەرەرای هەموو راونانو بەدواکەوتنو گەرانو هەڵپەیەك تا ئێستا بە تەنها توانراوە نزیکەی لەسەدا بیست ئەو گەنجینانە بدۆزرێتەوە . لە پاریس‌دا (گلبەرت راگویداو) گەران بە دوای ئەو گەنجینە هونەریانەی گرتە ئەستۆی خویو توانی لەشەش مانگدا بای (۸۰) ملیۆن مارك دزراوی هونەری بدۆزێتەوە . لە ئیتالیاشدا (رۆدلفۆ سیفیرۆ) کە تەمەنی ٦٤ ساڵە ، ۳۳ ساڵە لە پشکنین‌دا کاردەکات ، دەیەها جار قەستی سەریان کردووەو ویستوویانە بیکوژن . لە ناوەراستی گەورەترین گۆرەپانی (برۆکسل)ی پایتەختی (بلچیکا)دا ماوەی ۳۵۹ ساڵە پەیکەری منالێکی رووت کە بەپێوە میز دەکات داندراوە ، ماوەیەك لەمەوبەر بۆ دەهەمین جار دزرا . گەورەترین دزی لە ساڵی ۱۹۷٦ روویدا ، دوای ئەوەی چەند دزێکی دەماخ‌کردو توانیان ۱۱۹ تابلۆی پێکاسۆ لە کۆشکی ئەڤیتۆن لە پاریس‌دا بدزن ، کە داوای ۱۳ ملیۆن مارکیان ئەکرد بۆ گەراندنەوەی ئەو تابلۆیانە .

لە ئیتالیادا تابلۆی (لالەکە)ی رافائیلو (قامچیەکانی مەسیح) لە دەسکردی (پیرو دیللا فرانچیسکۆ) دزران . ئەم رووداوەش یەکەم کارەسات نەبوو ، بەڵکو رووداوی ژمارە ٤٣٩٩٩ و رووداوی ژمارە ٤٤٠٠٠ ی پاش جەنگ بوون . وەزیری رۆشنبیری‌و سامانی سروشتی ئیتالی بریاری‌دا کە ووتەیەك لە مۆزەخانەی (بریرا)ی وێنە لە (میلانۆ)دا بدات سەبارەت بەو رووداوە سەرلەبەیانی رۆژی دووشەمەی ئەو رۆژەی کە دەبوو وەزیر وتەکەی بدات ، پێنج پاساوڵی مۆزەخانەی هونەرە نوێیەکان لە میلانۆ کە بە تازەترین ئامێری ئاگادارکردنەوەی ئەلەکترۆنی کە دەنگی زەبەلاحی کەڵلەی مرۆڤ کاس دەکات ، تەنانەت بەهۆی پەنجەخشاندنێکی بە ئاستەمیشەوە لە شووشەی پەنجەرەکانی کە بەدوو شوورەی تایبەتی لە هەر دەرگایەك گەمارۆ دراوە ، بیست‌و حەوت چوارچێوەی بەتاڵیان دۆزیەوە کە بەرێکی لەسەر یەکتر دانرابوون . ئەو بیست‌و حەوت چوارچێوەیەش شانازیان بەو تابلۆیە بەنرخانە دەکرد کە لە نێویاندا داندرابوون . لەنێو ئەو وێنانەدا تابلۆی هونەرمەندانی فەرەنسی داندرابوون وەك (ڤان گوخ) و (پیل) و (سیزان)و (رێنوار) و گەلێکی تر . نرخەکانیشیان خۆیان لە دوو تا سێ ملیار لیرەی ئیتالی دەدا . بەڵام ئەم تابلۆیانە چۆن دزران ؟ ئەم پرسیارە خۆی لە خۆیدا جێی سەرسورمان بوو !

لە ساڵی ۱۹۷۰ دا (۲۵۰۰) رووداوی دزینی تابلۆی هونەری ، وە لە ساڵی ۱۹۷۲دا ۵۸٤۳ جار ، وە لە ساڵی ۱۹۷۳ دا ۱۰۵۲۰ جار ، وە لە ساڵی ۱۹۷٤ دا لە نزیکەی هەشت مانگ‌دا ۱۱۰۰۰ جار روویدا .

لە ئەمەریکاو ئەوروپای رۆژئاواو ژاپۆن‌دا بەردەوام بازاری کرینو فرۆشتنی گەنجینە هونەریە دزراوەکان بەردەوامە . دزەکانیش گەر بێتو دەست بە سەریاندا بگیرێت ، بۆ ماوەیەکی کەم لە بەندیخانە دەبن‌و دوای دەرچوونیشیان لە پیشەکەیاندا بەردەوام دەبنەوە . ئێستا کە بە ملیۆنەها پارەو پول سەرف دەکرێت بۆ پاراستنی گەنجینە هونەریەکان ، ئەویش بە بەکار هێنانی پاساوڵو تازەترین بەرهەمی تەکنەلۆژیای پەرەسەندوو ، لەگەڵ ئەمەش‌دا دزین هەر بەردەوامە .

لە هەمووی نەنگ‌تر ئەوەیە کە دەوڵەمەندەکان زۆر جار گەنجینە هونەریەکان دەکرنو لە ماڵەکانیان‌دا هەڵیان دەواسن‌و لە هەندێ خزمو برادەریان بەولاوە کەس نایان‌بینێت . لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ،

ئارەزوویەکی سەرکێشی وای لە ژنە خاوەن ملیۆنەهایەك کردووە کە کۆمەڵێك لە باشترین تابلۆ هونەریەکانی جیهانی کۆتایی ی چەرخی نۆزدەهەمو سەرەتای چەرخی بیستەم بکڕێتو لە لای خۆی بیان پارێزێتو خەڵکی لە بینینیان بێبەش بکات .

دزینی مۆنالیزا :

هونەرمەندی ئیتالیی مەزن لیۆناردۆ دافینشی (١٤٥٢ - ١٥١٩) دەستی بە وێنەکێشانی تابلۆی مۆنالیزای ژنی سێهەمی بازرگانی فلۆرەنسی (جیۆ کۆندۆ) کردو نزیکەی چوار ساڵ خۆی بە وێنەکێشانیی ئەو تابلۆیەوە خەریك کرد . بەڵام دوای ئەو ماوە دوورو درێژە دەستی لە کارەکەی کێشایەوە بەو هۆیەوە کە گوایە هێشتا هەر تەواو نەبووە . وە بە چوار هەزار مارك بە فرانزی یەکەمی پاشای فەرەنسەی فرۆشت . پاشا گەلێك شانازی بەو تابلۆ هونەریە دەکرد . وەك دەڵێن کە گوایە دافینشی لە کاتی وێنەکێشانیدا تیپی مۆسیقایان بو ئەو ژنە لێدەدا نەوەك وەڕس بێ . تابلۆیە درێژیەکەی ٧٧ سەنتیمەترەو پانیەکەشی ٥٣ سەنتیمەترەو لە ساڵی ١٨٠٤ ی زایینەوە لە مۆزەخانەی لۆڤەرە لە شاری پاریسو ژمارەی ٧٧٩ هەڵدەگرێت . زۆر شت ووتراوەتەوە دەربارەی مۆنالیزاو زەردەخەنە ئەفسناویەکەی . وە گەلێك چیرۆك دەربارەی ڕێکخراوەو ووتراوە کە گوایە خۆشەویستیەکی توندوتیژ لە نێوان ئەو شۆخەو هونەرمەندا هەبووە . بەڵام شووی بە جیا کۆندۆی بازرگان کردووە . تا ئێستاش ئەم تابلۆیەو زەردەخەنەکەی جێی سەرسورمانی هەموو خەڵکی دونیایە . زۆر جار ئەم تابلۆیە گواستراوەتەوە و کۆپی لەسەرکراوە ، بەڵام هەموو کەس بە ئەزرەتەوەیە تابلۆ ڕەسەنەکەی دافینشی ببینێت ، هەر کە بەهۆی کاتەوە بۆیە کە درزی زۆری تێدا کەوتووە . ئەوەی جێی سەرسورمانەو شایانی سەرنجە ئەوەیە کە دەبینین پشتێنەکەی (خلفية) تابلۆکە بە هەردوو دۆڵەکانیەوە لە هەردوو دۆڵی ئاسایی ناکەن . بەڵکو بەشێوەی جەون ئاسایی وێنەی کێشراوە . هەر ئەمەیشە وای لەو کەسانە کردووە کە سەر بە قوتابخانەی سوریالین (سەرووی راستەقینەوە) بە تابلۆیەکی سوریالی دابنێن . لەلایەکی تریشەوە ئەو هەردو دۆڵانەی تابلۆکە لە سروشتی سەر رووی مانگ دەکەن . ئەوەی جێی سەرسورمانە لەوسەردەمەدا تلسکۆپی وەها نەبووە کە بتواندرێت بە هۆیەوە یان مانگ ببینرێت ! . ئەم تابلۆیە ئێستاکە بە بەنرخترین تابلۆ لە جیهان دادەنرێت . نرخەکەیشی بە ١٠٠ سەد ملیۆن دۆلار دادەنرێت . لە سەردەمی (جەنەرال دیگۆل) دا ئەم تابلۆیە لە واشنتۆنو نیۆیۆرك پیشانی بینەران دراو لە ژاپۆنیشدا لە ساڵی ١٩٧٤ پیشاندرا . ئەم تابلۆیە کە کاتێك پیشان دەدرێت لە پشت پارچەیەك شووشەی ئەستورەوە دادەنرێت ، لەبەر ئەوەی بینەری دەروون نەخۆشو فزولی واهەن کە بەوپەری شانازیەوە ئامادەن تیزاب یاخود بۆیە بڕشێننە سەری و بیشێوێننو ناوبانگی پێوە دەربکەن . وە کاتێك ئەم تابلۆیە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگوازرێتەوە چەند فرۆکەیەك لە ئاسماندا پارێزگاری ی دەکەن . وە کاتێکیش تابلۆکە پیشان دەدرێت ، خەڵکی بە درێژایی کیلۆمەترێك زیاتر سرەی بۆ دەگرن .

ئەم تابلۆیە لە ساڵی ١٩١١ دا لە لۆڤەر دزراو ، تۆمەتی دزینی خرایە ئەستۆی (ئەپولینێر)ی شاعیری بەناگکێش . چیرۆکی ئەم بەسەرهاتەیش لەوەوە دەستیپێکرد کە پێکاسۆو ئەپولینێر برادەرێکی گاڵتەچیان هەبوو . ئەم برادەرەیان بۆ گاڵتەجاری چوو بووە مۆزەخانەی لۆڤەرەوەو چەند پەیکەرێکی بچووکی دزیبوو . نەك بۆ دزین بەڵکو بۆ دەرخستنی زیرەکیو زرنگی . لە دوای دزیەکەی ، بۆ شەو پەیکەرەکان دەبات بۆ لایانو شەو تا درەنگ دەس بە پێکەنین دەکەن . شەو درەنگ برادەرەکەیان بەجێیان دەهێڵێت لەگەل پەیکەرەکاندا . لە هەمان کاتیشدا مۆنالیزا لە مۆزەخانە

دزرابوو ، پۆلیسیش بێ‌ووچان به پەرۆشەوە خەریکی پشکنینی شاری پاریس بوون بۆ دۆزینەوەی تابلۆکە . ئەوانیش هەردووکیان ترسی زۆریان لێ‌دەنیشت نەوەك به پەیکەرەکانەوە بگیرێن . له ترساندا پێکەوە ئەپولینێر ، پەیکەرەکان بەوشەوە درەنگە دەکەنە ناو سنوقێکەوەو له ژێر تاریکای‌ی شەودا به کۆلانەکانی پاریس‌دا دەگەڕان بۆ چارەیەك بۆ ئەم کێشەیەیان . نەیان دەزانی خۆیان بخەنە نێو ئاوی (سین)ەوە یاخود پەیکەرەکان ؟

له دواییدا ئەپولینێر سەنووقەکە دەدات به لۆڤەرو پۆلیسیش دەیگرن‌و به تاوانی دزینی مۆنالیزا پێنج رۆژ دەیخەنە بەندیخانەوە ، له دواییدا به دەردێ ، دوای پەیدابوونی گومان لەسەر کرێکاری نەخشەکێش له لۆڤەر (فنسنزۆ بیرۆگیا) ، «ئەپولینێریش» شەش هەڵبەستی لەو تاقیکردنەوە دڵتەزێنەی دانا کە ناسۆریان لێ دەتکایەوە . فنسنزۆ برۆگیا توانیبووی تابلۆی مۆنالیزا بدزێت دوای ئەوەی کە خامی تابلۆکە له چوارچێوەکەی دەرکردبوو و له خۆی ئالاندبوو و دزیبووی . وە ویستبووی له ساڵی ۱۹۱۳ دا به بازرگانی فلۆرەنسی ئەلفرد گوری بفرۆشێت . بازرگانەکە بەو کرینە قایل دەبێت بەڵام له دواییدا بازرگانەکە هەست به ترس‌و قورسی‌ی ئەو کارە دەکات‌و پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە و مۆنالیزاش جارێکی‌تر بۆ لۆڤەر دەگەڕێتەوە بەم شێوەیەش مۆنالیزا له ساڵی ۱۹۱۱ دا وون بوو و دزراو له ساڵی ۱۹۱۳ دا دۆزرایەوە . دوای گرتنی برۆگیا . یەکەم بیانووی پارێزەرەکە ئەوەبوو که گوایە برۆگیا ئیتالیەو تابلۆکەیش هی هونەرمەندێکی ئیتالی‌یەو هەستی نەتەوایەتی پاڵی به برۆگیاوە ناوە تابلۆکە بدزرێ تا بیگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی . بیانووی دوهەمی پارێزەرەکەیش ئەوەبوو کە گوایە برۆگیا کەوتۆتە داوی ئەوینی ئەو شۆخەوە ، وە هەر ئەوەیش پاڵی پێوەناوە تا بی‌دزێت . بەڵام له ئەنجام‌دا دادگا بڕیاری بەندکردنی (برۆگیا)ی‌دا وە بۆ ماوەی (۱۵) پانزە ساڵ ، بەڵام حەوت مانگ تێدامایەوەو دەرچوو .

تا ئێستا زۆر جار رووی راستەقینەی مۆنالیزا شێواندراوە لەلایەن چەندین هونەرمەندی رۆژئاواییەوە . (مارسیل دۆشامپ)ی دادائی له ساڵی ۱۹۱۹ دا ئەم تابلۆیەی گواستەوەو وێنەی کێشاو کردی به پیاو و سمێڵی بۆ دانا . له دوای ئەویش (سلڤادۆر دالی)ی سوریالیست ئەم دەم‌و چاوە نەرم‌و نۆڵەی گۆڕی دوای ئەوەی وێنەی کێشایەوەو وێنەی دەم‌و چاوی خۆی به سمێڵە باریکە به ژوور هەڵگڕاوەکەی له سەری دانا . ئەم تابلۆیەکرا به زۆر شت . وەك ئەوەی نیوەی به خوارەوەی ماسیە . وە یاخود دەستی شکاوەو به ملیەوە نووساوە ، وەیاخود پشیلەی به دەستەوەیە . یا نۆکەرەو زەوی دەسڕێتەوە . به زۆر شێوەی جۆراوجۆر کوپی له سەرکراو گواسترایەوە ، تا رادەیەك هونەرمەندێك وێنەی کێشایەوە که پشیلەیەو مشکی به دەمەوەیە . ئایا دەبێت مەبەستێك نەبێت لە پاڵ ئەم هەموو بۆچوونانەیاندا ؟ تا ئێستا وێنەی مۆنالیزا زۆر جار پیشەسازییەکان چەند جار کردوویانە به (ماركة مسجلة) بۆ کاڵاکانیان — وەك جل‌و بەرگ‌و بۆن‌و سابوون‌و گەلێ شتی‌تر .

سەرچاوەکان

١ – مجلة افاق جامعية – العدد الرابع . كانون الثاني ١٩٧٨ من سرق تحفة رفائيل ؟ له نووسینی : ئینستوراف : وەرگێرانی صادق الجلاد .

٢ – مجلة الهلال – فبراير ١٩٦٤ . الشاعر اللص . . ! صالح جودت .

٣ – مجلة الهلال : أغسطس ١٩٦٤ . . الفن و الطبيعة . عبدالرحمن صدقي .

٤ – جريدة الراصد ١٩٧٩/٨/١٨ . معارض الفن بين الأصالة والتشويه .

٥ – جريدة الراصد ١٩٧٩/١/١٤ . كيف تحولت الموناليزا الى صور للدعاية ؟ .

٦ – جريدة الراصد ١٩٧٨/٣/٢٥ ثروة بيكاسو

٧ – جريدة العراق ١٩٧٩/٧/١٤ الرهائن الصامتة .